# ڕۆژنامەگەری کوردی و زیاتر لەسەدەیەك لەبێدەسەڵاتی

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)
abdullahmashkhal@yahoo.ca



ماوەیەکی کورت نیە کەقسە لەسەر ڕۆڵی ڕۆژنامە و کۆمەڵگەی کراوە و مەدەنی و دەسەڵاتی چوارەم و سەروەری یاسا و هەندێ بنەمای تری کۆمەڵگای دیموکراتی ڕوپەڕێکی زۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان داگیرکردووە.ئەگەر هەموو ئەم قسەو باسانە کۆبکەینەوە دەتوانین لە دوو ئاستدا لێیان ووردبینەوە.ئاستی یەکەم:ئەو وتارانەن کە بەبێ تێگەیشتنی دروست لە کۆمەڵگەی حیزب هێنەری کوردستان دەیانەوێ ڕۆژنامەگەری کوردی لەچاو تروکانێکدا ببێتە ڕەقیب و چاودێر بەسەر تەواوی سیستمی سیاسی و ئیداری.ئاستی دووەمیش ئەو وتارانەن کە خەریکی بەپیرۆز نیشاندانی ڕووی ئێستای ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و دەستنیشانکردنی ئەرکی بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەرییە لە پاراستنی هەلومەرجی دزێوی ئەمڕۆ!.بەدەر لەم دوو ڕوانگەیە چەند قەڵەمێکی جیددی و دەگمەنیش هەن کە جارجارە هاواریان لێبەرزئەبێتەوە بەڵام لەنێو ئەم لێشاوی ووتارانەدا خەریکن وون ئەبن.

لەوەتەی ڕۆژنامەی کوردی هەیە هەمیشە چارەنوسی بەستراوەتەوە بە چارەنوسی بزاڤە سیاسیەکەیەوە و بەردەوام یان کۆنترۆڵ کراوە لەلایەن حیزبە سیاسیەکانەوە ،یان بەجۆرێك لە جۆرەکان وابەستە بووە پێیانەوە!خودی وابەستە بوونی ڕۆژنامەی کوردی بە حیزبی سیاسیەوە یانی لەدەستدانی هەر هیوایەك لەبەئەنجام گەیاندنی ئەرکە فەرمیی و ڕۆتینییەکانی خۆی.

بارودۆخێك کەکورد پێیدا تێپەڕیوە لە 100 ساڵی ڕابردوودا هەر لە دابەشکردنی جیۆپۆتیکانەی کوردستان و ژێردەستە کردنی کورد و تەڕاتێنی شەرکەرانی جەنگی جیهانی یەکەم لە کوردستان و مۆنۆپۆڵ کردنی ئابوری ناوچەکە لەلایەن زلهێزەکانی ئەوکاتەوە بەتایبەتی لەلایەن بەریتانیاوە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە پەلوپۆ هاویشتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانیش لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا بۆ ناوچەکە،هەلومەرجێکی هێنایە ئاراوە کەکورد دەبێت خەمێك لەخۆی بخوات.

ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کوردیش وەك هەر شێوازێکی تەقلیدی ئەوسای بەرەنگاربوونەوە پەنایان بۆ هەردوو چەکە ناسراوەکەی تێکۆشان برد کە(( حیزب و ڕۆژنامە))ن!

ئیتر لەوساوە ((حیزب و ڕۆژنامە)) وەك دوو یەکەی تەواوکەر و وەك دوو ئۆرگانی لێك هەڵپێکراو بەجۆرێك تێکەڵ بەیەکتر بوون کە ڕۆژنامە بوو بە سیما و ئاوێنەی سیاسەتەکانی حیزبی سیاسی و بڕیارەکانی.ئەم شێوازە بەردەوام بوو تا بوو بەعەقڵیەتی سەرجەم بزووتنەوەی سیاسی کورد و تەنانەت هەتاکو ئێستاش بەردەوامە!

ڕۆژنامە کاتێك دەتوانێت بەئەرکی خۆی هەڵبسێت کە کۆمەڵگە لە بارودۆخێکی ئاسایی و ئارامی سیاسی و ئاشتیدا بژێت،ڕۆژنامە کاتێك دەتوانێت بەئەرکی خۆی هەڵبسێت کە حیزبی سیاسی قۆرخی نەکات و نەیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.ڕۆژنامە کاتێك دەتوانێت بە ئەرکی خۆی هەڵبسێت کە عەقڵیەتی زاڵ لەکۆمەڵگە عەقڵییەتی سکۆلاری بێت نەك عەقڵییەتی خێڵەکی.

زۆر بێهودەیە کە رەخنە لە ڕابردووی ڕۆژنامەگەری کوردی بگرین بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کۆمەڵگەی کورد.بێهودەیە چاومان لەئازادی ڕۆژنامەگەری کوردی بێت و تاکی کورد و ڕۆژنامەنووسی کورد کۆیلە بن!بێهودەیە چاومان لەدەسەڵاتی چوارەم بێت ،کەچی دەسەڵاتەکانی تر لەژێر رەحمەتی بڕیارێکی سەرۆك حیزبێك یان دیکتاتۆرێك دا زەلیل بن!بێهودەیە چاوی ئاوا تمان ببڕینە ڕۆژنامەیەك کەخۆی جەللادی ئازادی ڕۆژنامە بێت!.

مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ،مێژووی ئاوێزانبوون و لێك هەڵپێکرانی ڕۆژنامە و بزووتنەوەی سیاسی کورد بووە و هەر ئەم بزووتنەوە سیاسییەی کورد بووە بڕیاری دەرکردن و بڵاوکردنەوە و تەنانەت ڕاگرتن و وەستاندنی ڕۆژنامەی داوە!.بۆیە لەگەڵ هەوراز و نشێو بونی بزووتنەوەی سیاسی کورد ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش پەیدا بوون یان لەمەیدان چوونەتە دەر.بەواتایەکی ترمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی مێژووی خزمەتکردن بووە بە ئامانجێکی سیاسی یان حیزبێکی سیاسی.لەتەواوی ئەو مێژووەدا ڕۆژنامەیەك نابینی ئازاد و سەربەخۆ بێت و لەدەرەوەی کۆنترۆڵی حیزبی سیاسیدا بێت.

ئەگەر بڕیارە باس لە دەسەڵاتی چوارەم بکرێت ئەوا بەهەڵەدا دەچین ئەگەر لەو مێژووەدا بۆی بگەڕێین.لەماوەی 100 ساڵی ڕابردوودا ڕۆژنامەگەری کوردی نەك هەر ڕۆڵی دەسەڵاتی چوارەمی نەبینیوە،بەڵکو هۆکارێك بووە بۆ مەرامێکی سیاسی تایبەت.

گەڕان بەشوێن دەسەڵاتی چوارەم لەکۆمەڵگەیەکدا مانا پەیدا دەکات کەیاسا تێیدا بەرقەرار بێت،نەك کۆمەڵگەیەك کەسەرۆك حیزبێك کەکەس نازانێت پلەی خوێندەواری چەندە توانای بڕیاردانی هەبێت بەسەر چارەنوسی ئازادی و ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە.گەڕان بەشوێن دەسەڵاتی چوارەم لەکۆمەڵگەیەکدا مانا پەیدا دەکات مرۆڤەکان لەهەڵبژاردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتییاندا ئازاد بن ،نەك کۆیلە بن و چاویان لەحیزبی باوك و میهرەبانی سەرۆکەکان بێت تا لەشەڕەکانی ئایندەدا بیانکەنە سووتەمەنی جەنگێکی ناوخۆی تر!.

ئەگەر ڕۆشنبیری کورد بەشوێن وروژاندنی کێشەی دەسەڵاتی چوارەمەو خوازیارە دەسەڵاتی چوارەم لەکۆمەڵگە بەرقەرار بێت ،دەبێت واقیعیەتی ئێستای ڕۆژنامەگەری کوردی و ڕۆژنامەنوسان و مامڵەی حیزبی سیاسی و مەسەلەی فرۆشتنی قەڵەم وهاوکێشەی ((وشە لە پێناو نان)) نەك هەربخەنە ژێر پرسیارەوە،بەڵکە دەبێت ڕیسوایان بکەن و بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری کوردیش لەم پاشاگەردانییە ڕزگار بکەن.

ئەزمونی دەیەی ڕابردوو بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی کوردستانی باشور،توانی شێوازێك لەئاڵوگۆڕ لەبواری ڕۆژنامەگەریی پێکبێنێ کەبەراورد بە ڕابردوی ئەو بزوتنەوەیە شتێکی تا ڕادەیەك نوێیە ئەویش هاتنە مەیدان و چەکەرەکردنی ڕۆژنامەی ئازاد و سەربەخۆیە لەهەردوو بواری تەقلیدی و ئەلەکترۆنی و تەکاندانێکی جیددی و پڕواتایە بۆ دەرچوون لەونەهامەتییەی کە100 ساڵە بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی پێوەی دەناڵێنێ.

ڕۆژنامەگەری ئازاد و سەربەخۆ و جورئەتێك کەلەپشت ئەم تێزەوەیە خۆی سەرەتای سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ و وەڵامدەرەوەی هەلومەرجی ئەمرۆکەی جیهانگیرییەکە کە وەك تۆفان تەواوی گۆی زەوی گرتۆتەوە و بەرئەنجامەکانی خەریکە بۆ هەمووان ئاشکرا دەبێت لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە نەفی کردنەوەی واقیعیەتێکە لە پاشاگەردانی، کەدەسەڵاتی کوردی هەرچەند دەکات بۆی قووت نادرێ!

ئامانجێك کەلەپشت ڕۆژنامەی ئازاد و سەربەخۆوەیە خۆی خزمەتکردنە بە مەدەنی کردنی هەرچی زیاتری کۆمەڵگەی کوردستان.خزمەتکردنە بە تاکی کورد وەك مرۆڤێك کەشایستەی ژیانی ئەم سەردەمە بێت.خزمەتکردنە بەجێگیر کردن و سەروەری بەخشینە بە یاسا.خزمەتکردنە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەواوی ئاکارە ناشرین و دزێوەکانی حیزبی سیاسی و دیکتاتۆر و سەرەك حیزب و خێڵ و هەروەها وەستانەوەیەکی دلێرانەیە بۆ پاراستنی ئینسانی بونی مرۆڤی کورد بەگشتی و خودی ڕۆژنامەنوسیش بەتایبەتی.

ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی((دیارە مەبەستم لەو ڕۆژنامانەیە کە بەفیعلی خەریکی پیادەکردنی کاری ڕۆژنامەوانین و خاوەنی پڕۆژەی مەعریفین ،نەك وەك هەندێ سایت کەهەر خەریکی جوینەوە و کۆپی کردنی داهێنانەکانی ڕۆژنامە و کەسانی ترن))
ئەمڕۆ لەئاستی جیهاندا بەشێوەیەکی بەربلاو تەشەنەی کردوە و پەلوپۆی هاویشتووە بۆ هەموو لق و بەشەکانی زانستە مرۆییەکان و سیاسەت و لەدەرگای هەموو لقەکانی مەعریفە دەدات، کەچی تا ئێستا لەکوردستان لەبەر نەزانین بێت یان لەترسی هەڕەشەی تۆقێنەری((حیزب–باوك))بێت یان هەر هۆیەکی تر ئەم مۆدێلە نوێیە لە ڕۆژنامە و کاری ڕۆژنامەوانی بەڕەسمی ناناسرێن بەڵام لەلێکدانەوە سیاسیەکانی ((حیزب– باوك)) حیسابی جیددیان بۆ دەکرێت!!
ئەمڕۆ مرۆڤایەتی بە قۆناغێکدا تێدەپەڕێت کەخوێندنەوە و لێکدانەوە زۆر هەڵدەگرێت .ئەوە ڕۆژنامەنوسی ئازادە کە توانای ئەو لێکدانەوە و شڕۆڤانەی هەیە دەتوانێ داهێنانیشی تێدا بکات، نەك بەناو ڕۆژنامەنوسێکی کۆیلەی حیزب و دەسەڵات و پارە.

2004–04–20
ڤانکۆڤەر/کەنەدا